# به جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرە، وئاو بهێنە بە نێوان پەنجەکاندا، وزیادەڕۆیی بکە لە ئاو هەڵمژینە نێو لووت؛ مەگەر بەڕۆژوو بیت

لە لەقیتی کوڕی سەبرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: سەرکردەی بەنی مونتەفیق -یان لە نێو شاندی بەنی مونتەفیق- بووم کاتێک هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک گەیشتین لە ماڵەکەی خۆیدا نەبوو، وگەیشتین بە عائیشە دایکی ئیمانداران، فەرمانی کرد کە دەفرێک لە خەزیرەمان^ بۆ دروست بکرێت وئامادە کرا، وسینیەک لە خورما پێشکەشمان کرا، پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هات وفەرمووی: «ئایا بە هیچ شتێک خزمەتتان کراوە یان فەرمانکراوە بەوەی پێشکەشتان بکرێت؟»، ووتمان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا، کاتێک لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبووین، شوانێک بەپەلە پەزەکانی خستە نێو گەوەڕەوە، وبەرخێکی (بچووکی) تێدا بوو دەگریا، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «چی بێچوویەکی بووە ئەی فڵان؟»، ووتی: مەڕی مێ، فەرمووی: «لە جیاتی ئەوە مەڕێک بۆ ئێمە سەر ببڕە»، پاشان فەرمووی: «وا گومان مەبەن کە بەهۆی ئێوە سەرمان بڕیوە، سەد پەزمان هەیە ونامانەوێت ژمارەیان زۆر بێت، بۆیە هەرکاتێک مەڕێکی مێ لەدایک دەبێت، مەڕێک لە جیاتی ئەوە سەردەبڕین»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، هاوسەرێکم هەیە وهەندێک شت دێتە سەر زمانی -شتی هەڵە وناڕەوا دەڵێت-؟ فەرمووی: «کەواتە تەڵاقی بدە»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ماوەیەکی زۆرە پێکەوەین، ومنداڵم لە ئەو هەیە، فەرمووی: «فەرمانی پێبکە -ئامۆژگاری بکە- ئەگەر خێری تێدا بێت -ئامۆژگاریەکە- جێبەجێ دەکات، ولە خێزانەکەت مەدە -ئازاری پێمەگەیەنە- بەو شێوەیەی لە کەنیزەکەت دەدەیت»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، هەندێک شتم پێ بڵێ سەبارەت بە دەستنوێژگرتن؟ فەرمووی: «بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرە، وئاو بهێنە بە نێوان پەنجەکاندا، وزیادەڕۆیی بکە لە ئاو هەڵمژینە نێو لووت؛ مەگەر بەڕۆژوو بیت». ^(خەزیرە: جۆرێکە لە خواردن)
[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه)]

لەقیتی کوڕی سەبر -ڕەزای خوای لێبێت- بە شاندێك لەگەڵ خەڵکانێکی تر لە هۆزەکەی (بەنی مونتەفیق) هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: کاتێک گەیشتین پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵی خۆیدا نەبوو، وگەیشتین بە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەویش فەرمانی کرد بەوەی شۆربایەکمان بۆ دروست بکرێت لە ئارد وگۆشت، ودەوریەکی پێشکەشمان کرد کە خورمای تێدا بوو. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات، وفەرمووی: ئایا هیچ خواردنێکتان پێشکەشکراوە؟ ووتمان: بەڵێ، لەقیت دەڵێت: کاتێک لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبووین، شوانێک پەزەکەی پێغەمبەری هێنا -صلى الله عليه وسلم- وخستیانیە نێو گەوەڕەوە، وبەرخێکی بچووکی هەڵگرتبوو هاواری دەکرد، ووتی: چی بێچوویەکی بووە؟ ووتی: مەڕی مێ. فەرمووی: لە جیاتی ئەوە مەڕێکی گەورە بۆ ئێمە سەر ببڕە، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: وا گومان مەبەن کە بەهۆی ئێوە سەرمان بڕیوە، سەد پەزمان هەیە ونامانەوێت ژمارەیان زۆر بێت، ئەگەر بێچوویەکی نوێیان بێت لە جێی ئەوە مەڕێک سەردەبڕین، لەقیت دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، هاوسەرێکم هەیە وزمانی درێژە، وشەی ناشیاو دەڵێت، چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم؟ فەرمووی: کەواتە تەڵاقی بدە. ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ماوەیەکی زۆرە پێکەوەین، ومنداڵم لە ئەو هەیە. فەرمووی: ئامۆژگاری بکە ئەگەر خێری تێدا بێت ئامۆژگاریەکەت قبوڵ دەکات، وئەگەر قبوڵی نەکرد بە لێدانێك لێی بدە کە ئازاری پێنەگات، ولە خێزانەکەت مەدە بەو شێوەیەی لە کەنیزەکەت دەدەیت. پاشان لەقیت ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، هەندێک شتم پێ بڵێ سەبارەت بە دەستنوێژگرتن؟ فەرمووی: لەکاتی دەستنوێژگرتندا؛ ئاو دەبێت بگات بە ئەندامەکانی دەستنوێژگرتن، وهەر ئەندامێك دەبێت مافی

خۆی وەربگرێت، هیچ شتێك لە فەرز وسونەتەكانی دەستنوێژگرتن جێمەهێڵە وهەمووی جێبەجێ بکە، وئاو بهێنە بە نێوان پەنجەکانی دەست وپێیەکانت لەکاتی شۆردنیان، وزیادەڕۆیی بکە لە ئاو هەڵمژینە نێو لووتت لەکاتی دەستنوێژگرتندا؛ مەگەر بەڕۆژوو بیت بۆئەوەی ئاو نەچێتە نێو گەدەتەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8378